کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 21:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەزیری ناوخۆی ئیتالیا: دژایەتیکردنی پەنابەرە موسڵمانەکان دیموکراسیەت و سومعەی ئەوروپا لەکەدار دەکات ... مەریوان نەقشبەندی**

هەولێر

وەزیری ناوخۆی ئیتالیا رەخنەی لەو نێوەندە ئەوروپی و ئیتالیانە گرت کە هۆشداری زیادبوونی ژمارەی موسڵمانانیان لەئەوروپا داوە، جۆلیانۆ ئامۆنۆ وەزیری ناوخۆی ئیتالیا لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (لاریۆ بلیکا ) ی وڵاتەکەی گوتی:نابی کوێرانە و بەبی بەڵگە دژایەتی موسڵمانەکان بکەین و پەنابەرە موسڵمانەکان بکەینە دوژمنی خۆمان، چونکە بەوکارە هەیبەت و سومعەی دیموکراسیەت و شارستانی ئەوروپا لەکەدار دەبێت، ئامۆنۆ لەو دیمانەیەدا داوای کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆی لەگەڵ موسڵماناندا کرد و گوتی:باشتروایە لەگەڵ رێکخراوە ئیسلامیەکاندا پەیوەندیمان هەبێت، چونکە نابی موسڵمانەکان هەمویان بەتیرۆرست بزانین.

شایانی باسە لەماوەی رابردودا چەندین نێوەندی سیاسی و ئاینی لەئەوروپا هۆشداری کۆچی بەکۆمەڵی موسڵمانانی جیهانیان بۆ کیشوەری ئەوروپا دا و یاریدەدەرێکی پاپای ڤاتیکانیش وەرگرتنی بی حسابی پەنابەرە موسڵمانەکانی بەهەرەشەیەك لەسەر مەسیحیەتی ئەوروپا وەسف کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.